# تێپەڕین بەمدیوی ژیاندا

## پەیڤێك بۆ نەوزاد حارس

**دلاوەر قەرەداغی**

کاتێکی گونجاوت لەگەڵ مردندا هەڵبژارد بۆ ڕۆیشتن. کاتێك کە کەس سەری ناپەرژێ، کە کەس لەوێ نابێ، کە کەس کاتی نابێ.

هاوڕێم ... کاتێکت هەڵبژارد کە هەر هەموو کورد سەرقاڵ دەبێ بە وەبیرهێنانەوەی برینەکانی خۆیەوە، سەرقاڵ دەبێ بە یادی بۆنەکانی مانگی ئازار و ڕاپەڕین و هەڵەبجە و نەورۆزییەوە، بە هەڵدانەوەی قەتماغەی برینەکانی دوێنێیەوە، بە گێڕانەوەی بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی مانگی سێیەوە.

هاوڕێم .. تۆ لەگەڵ مردندا کاتێکی گونجاوت هەڵبژارد بۆ ڕۆیشتن!

تۆ لەگەڵ مردندا کاتێکت هەڵبژارد بۆ ڕۆیشتن کە شاعیرەکانی سەرقاڵ بە هۆنینەوەی هەڵبەست بۆ یادی هەڵەبجە و ڕاپەڕین ... گۆرانی بێژەکانی سەرقاڵ بە چڕینی سروود و گۆرانیی، وێنەکێشەکانی سەرقاڵ بە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیان لەگەڵ ڕەنگی ژەهر و لەگەڵ تامی ژەهر و لەگەڵ بۆنی ژەهر.

پیاو ماقوولەکانی سەرقاڵ بە ئیئتیلاف کردن و پێکهێنانی حکومەت.
تەلەفیزیۆنەکانی سەرقاڵ بە هەڵپەڕکێ و سیخناخ بە گێڕانەوەی
پاڵەوانێتییەکان و قەرەباڵخ بە وەبیر هێنانەوەی وێنەی کەسەرەکان
قوتابییەکانی سەرقاڵ بە مانگرتن
ئاسایشەکانی سەرقاڵ بە پاراستنی هێمنیی شار و دەست نەپاراستن لە خەڵکانی گێرە شێوێن و دوژمن
فاڵچییەکانی سەرقاڵ بە کردنەوەی نهێنییە بێ شومارەکانی بەدبەختیی
چۆلەکەکانی سەرقاڵ بە ژماردنی جریوەی دزراوی ناو دەخیلەکانی مناڵیی

تۆ هاوڕێم کاتێکی گونجاوت لەگەڵ مردندا هەڵبژارد بۆ ڕۆیشتن
کاتێکت هەڵبژارد کە عاشقەکانی سەرقاڵ بە هاتنی ساڵی نوێ و
پێ نانە نێو وەرزێکی سرك و دردۆنگەوە
وەرزێك کە شەقام چۆڵ بە قەرەباڵخیی... کە عیشق چۆڵ بە غەڵبە غەڵب و کە شانۆ و شیعر چۆڵ بە دەنگە دەنگ
ئازایانە کاتێکت هەڵبژارد هاوڕێم کە کەس لەوێ نەبێ بریندارتکا، کەس نەیپەرژێ تەریقتکاتەوە، کەس کاتی ئەوەی نەبێ گومانی شتی خەراپت لێکا.
کاتێکت هەڵبژارد کە نە پیاوێکی کەشخە و سمێڵ ڕەش و چوارشانە لەوێ بێ نوتقێك لەسەر گۆڕە تازەکەت بدا و نە کامێرایەکیش لەوێ بێ، ئەو دەمەی دەستت لەنێو دەستی مردندایە، وێنەیەکت بۆ یادگار لەنێو ئارشیفی ژیان بنێ.
هەر بەڕاست هاوڕێم .. کاتێکی گونجاوت لەگەڵ مردندا هەڵبژارد بۆ ڕۆیشتن

کاتێك کە ئیدی دەتوانیت هێمن تر بکەویتە گەڵاڵە کردنی پرۆژەی کورتە فیلمەکانت، بە میزاجێکی ساف ترەوە بکەویتە پاکنووس کردنی شیعرەکانت، هاسانتر لە کۆڵانێکەوە بێیتەوە سەر شەقامێکی گشتی، دەتوانیت بە هەر شۆستەیەکی شاردا پێت خۆش بێ، تێپەڕیت و لەژێر هەر درەختێکدا دڵت بیگرێ، دانیشیت و لە هەر کوێیەکدا حەز بکەیت ژووان لەگەڵ عیشق بگریت.

هاوڕێم ..کوت و پڕ تۆ خۆت لە ئێمە شاردەوە، تۆ بە ئەسپایی لەودیو ژیانەوە تێپەڕیت و دەستت لەگەڵ مردندا تێکەڵ کرد. تۆ هاوڕێم لەگەڵ ژیاندا کاتێکی گونجاوت هەڵبژارد بۆ مردن.

مردنێك کە کوت و مت وەك ئەوە وایە چووبیت لە دوکانەکەی سەری کۆڵان پاکەتێك جگەرە بکڕیت

وەك ئەوە وایە بە پێپلیکانەکانا بۆ تاوێك چووبیتە سەربان

وەك ئەوە وایە لە چایخانەیەك لات دابێ

وەك ئەوە وایە لەبەر تەنگە نەفەسیی ڕۆیشتیبیت دەرگای حەوشە لە میوانێك بکەیتەوە

وەك ئەوە وایە لە ماڵێکی ڕووەو هەتاوی نسرمی مردنەوە

گواستبێتتەوە بۆ ماڵێکی تری ڕووەو ئێوارەی مردن !

نەوزاد گیان پشووبە ... چاکت کرد

تۆ بۆ یەکەمجار لە ژیانتا هاوڕێم

دەنگت لێ بەرز کردینەوە و

به تووڕەیی  وەك  با  تێپەڕیت و
بۆ دووایەمین جار لە مردنتا شەرمت لە هیچ کاممان نەکرد!

❊